# ئایندەی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوی

## تێگەیشتن لە جولە و جێگۆڕکێی هێزە ململانێکەرەکان زۆر گرنگە بۆ دانانی نەخشەڕێگای سەرکەوتن لە ئاڵۆزترین ناوچەی سەرزەمین

**دلاوەر عەلائەدین**

**سەرۆکی ئینستیتوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری)**

دیمەنی سیاسی و ئەمنی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و جوولەی هێزە پێکدادەرەکان لە ئێستادا زۆر ئاڵۆز و ترسناک دیارە. ناوچەکە دووچاری چەندین شەڕ و ململانێی تێکدەر بووە، کۆمەڵانی خەڵک لە ماڵوحاڵیاندا هەڵکەنێندراون و سەرگەردان کراون. لە ژێر پاساوی ناسیۆنالیزم و ئاین و تایەفەدا، هێزەکان ململانێیانە لەسەر دەسەلات و نفوز و سامان. چەندین دەوڵەت لاواز بوونە و هەشیانە پەکی کەوتوو. چەندین هێزی توندڕەو و سنووبەزێن هاتوونەتە ناو ئەو ململانێیانە و توانای گۆڕینی رێڕەوی رووداوەکانیان پەیدا کردووە.

ئەو دیمەنە هی قۆناخێکە پێی دەگوترێ قۆناخی گواستنەوەی نێوان دوو سەردەم، دوو نیزام (Order) وەیان دوو جۆرە هاوسەنگێتی نێو هێزە ململانێکەرەکان. یەکەمیان نیزامە کۆنەکەی سەردەمی شەڕی سارده و ئێستا هەڵتەکاوە، دوەمیشیان هاوسەنگێتی ئایندەیە دیارە لە پرۆسەی دروستبووندایە. بۆ سەرکردەکانی میللەتێکی وەک کورد، گرنگە لە رەوتی گەشەسەندنی هێزە جولێنەرەکانی پێشتر و ئێستا وورد ببنەوە تاوەکو پێشبینی لە نیزامەکەی ئایندە بکەن و کار بکەنە سەر رەوتی گۆڕانکاریەکان و ئامادە بن دەرفەتەکان بقۆزنەوە وەیان دەرفەت بێننە کایەوە بۆ زامن کردنی پشکی کورد لەم هاوسەنگێتیە نوێیە.

### نیزامی کۆن تا رووخانی سۆڤیەت

سەد ساڵ لەمەوبەر هەردوو ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا و فەرەنسا نەخشەی رۆژهەڵاتی ئێستایان کێشا و نیزامێکیان چەسپاند کە زوو دەقی گرت، تەنانەت بەرپا بوونی شەڕی ساردی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە دوای شەڕی جیهانی دووەم ئەو نیزامەی وەک خۆی هێشتەوە. ململانێی ئەو دوو زلهێزە پارسەنگێکی هاوسەنگی هەبوو کە ئەوەش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ مانەوەی رژێمە دیکتاتۆر و ئۆتۆکراتەکانی ولاتە عەرەبیەکان لە سەدەی حوکمڕانی.

ڕووخانی زلهێزی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٨٩ خاڵی وەرچەرخان بوو و بووە هۆی گۆڕینی پارسەنگی هێزەکان لە ئاستی جیهاندا، بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا. شەپۆلی تسونامیەکەی روخانی سۆڤیەت بیست ساڵی برد هەتا گەیشتە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و بە گۆڕینی رژێمی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دەست پێکرد و دواتریش چەندین رژێمی تری بەدوادا رووخا.

## ئەمەریکای تاکە زلهێز

کە ئەمەریکا بووە تاکە زلهێز وا چاوەڕوان دەکرا کە بۆشایی غیابی سۆڤیەت پڕ بکاتەوە، بەڵام بەهۆی سیاساتە هەمیشە کورتخایەنەکانیان وە بەهۆی جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان سیاسەتی سەرکردە کۆماری و دیموکراتەکانی وڵاتەکە لەوەدا شکستیان هێنا. کۆمارییەکان لە سەردەمی هەردوو جۆرج بوشی یەکەم و دووەم، ئاکتیڤانە دەستێوەردەر بوون. لەشکریان هێنایە ناوچەکە و راستەوخۆ رژێمی پێشووی کوەیتیان پاراست و دواتر رژێمی عیراقیان گۆڕی. تەنانەت جۆرج بوشی دووەم ویستی بە روانگەیەکی نیۆکۆنزێرڤەتیڤەوە نیزامی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە بۆ ئەوەی لە رێگەی سیستەمێکی جیاوازەوە بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا بباتە پێشەوە. کەچی دیموکراتەکان بە پێچەوانەوە، هەمیشە خۆیان لە ناوچەکە دوورە پەرێز دەگرت، تەنیا بەقەدەر پێویست مامەڵەیان لەگەڵدا کرد، و گرنگی زیاتریان بە سیاسەتی ئابووری ناوەکی وڵاتەکەیان دەدا. ئەگەر سەرهەڵدانی داعش نەبوایە، ئەوا ئیدارەی ئۆباما هەرگیز بەو قورساییەی ئێستا نەدەگەڕایەوە عیراق، وە ئێستاشی لەگەڵدا بێ تەرکیزی ئیدارەکەی تەنیا لەسەر شەڕی تیرۆرە نەک رێرەوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هاتنی دۆناڵد ترەمپیش بۆ ئیدارەی ئەمەریکا رەنگە رەوتێکی نوێ دابهێنێ بەڵام جارێ سیاسەتی ترەمپ روون نیە و دیار نیە ئایا لە بەرژەوەندی خەڵکی ناوچەکەدا دەبێ. لە لایەکەوە باس لەوە دەکات کە پشتی "پیاوی بەهێز" دەگرێت، وەک ئاماژە بۆ خەڵکانی وەک ڤلادیمیر پوتین و رەجەب تەیب ئەردوغان و عبدالفتاح سیسی، واتە گوێ ناداتە کێشە ناوەکیەکان و مافی نەتەوەکان وەیان راست و چەوتێتی سیاسەتی دەرەکی ئەو سەرکردانە. پشتگیری خۆشی بۆ ئیسرائیل دەربڕیوە و حەز بە ئێران و رێکەوتننامە ئەتۆمیەکەی نێوانیان ناکات. ئیتر چوار (یان هەشت) ساڵی حوکمڕانی ترەمپ فاکتەرێکی گرنگ دەبێ لە دیاریکردنی هاوسەنگێتی هێزەکان.

لە روخانی سۆڤێتەوە تا ئیمڕۆ چەندین هێزی جیهانی و ئیقلیمی و لۆکالی نوێ سەریان هەڵدا و بوونە یاریکەر و هێزی بڕیاردەر لەسەر پارسەنگەکان. لەوانە روسیا و ئێران و تورکیا و سعودیە، هەروەها درستبوونی چەند ئاکتەرێکی غەیرە دەوڵەتی. جا بەبێ تێگەیشتن لەو هێزانە و لە دینامیکیەتی پەیوەندیەکانیان، زەحمەتە پێشبینی لە نیزامی داهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت، بەتایبەتی کاتێک سیاسەتی درێژخایەنی ئەمریکا لێڵ و نادیارە.

## روسیا

روسیا خۆی بە میراتگرەوەی سۆڤیەت دەزانێ و لەسەردەمی سەرۆکایەتی پوتین باری ڕووخاوی ئابووری و سیاسی ڕاستکردەوە، و بە گوڕەوە هاتەوە مەیدان بۆ بەرنگاربوونەوەی پلانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە. ئێستا روسیا وەک نیمچە زلهێزێک رەفتار دەکات و بەهۆی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئێران و لە پەنجەرەی سوریاوە بووەتەوە بڕیاردەر لە ناوچەکە. لە ئایندەشدا پتەوتر کردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئێران و تورکیا و عیراق لە ڕێگای سەفقەی نەوت و غاز یان تەکنۆلۆژیای چەک ڕۆڵی رووسیا زیاتریش بەهێز دەکات لە ناوچەکە

## ئێران

سەرباری شەڕە هەشت ساڵیەکەی لەگەڵ عیراق و ئابلۆقە نێودەوڵەتیەکانی لەسەری دانرابوون، ئێران تادێ بەهێزتر دەبێ و زیاتر سوود لە چەندین بۆشایی دەسەڵات و ململانێیەکانی ناوچەکە وەردەگری. ئێران ئێستا بووەتە یەکێک لە گەورەترین هێزی ئیقلیمی و حیسابی تایبەتی بۆ دەکرێ بەهۆی زیادبوونی نفوز و توانای دەستێوەردان لە چەندین وڵاتی ناوچەکە. لە ئێستادا ئێران لە یەک کاتدا توانای ململانێکردنی لەگەڵ خودی ئەمەریکا و ئیسرائیل وتورکیا و سعودیە هەیە. وە بڕیاری سیادی لە چوار پایتەختی وڵاتانی ناوچەکە سەندووەتەوە (عیراق و سوریا و لوبنان و یەمەن)، ئەوەش بێجگە لە حزوری لە فەلەستین و وڵاتانی کەنداو و هی تریش. لە کاتێکدا کە هیچ کام لە ئەمەریکا و روسیا و تورکیا و سعودیە سیاسەت و روانگە و ستراتیژێکی روون و ئاشکرایان لەخۆ نەگرتووە، کەچی ئێران زۆر بە متمانەوە کار بۆ ئامانجەکانی دەکات. بێگومان مەودای نفوزی ئێرانی و توانای وڵاتەکە بۆ تەحەمول کردنی زیانی مادی و سیاسی سنووری خۆی هەیە، بەڵام لە غیابی ستراتیژێکی کارای هێزەکانی دیکە، جارێ ئێران هەتا ماوەیەکی درێژ وەک بڕیاردەرێکی سەرەکی لە داڕێژتنەوەی نیزامی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەمێنێتەوە.

## تورکیا

تورکیا لەمێژووی سەد ساڵەی پێشوویدا رژێمێکی پڕ لە سەرئێشە و لە هەناودا لاواز بوو و ببووە پاشکۆی زلهێزی ئەمەریکی. بەڵام لە ٢٠٠٢ بەولاوە گۆڕانکاری بنەڕەتی بە رژێمەکەی و فەلسەفەی حوکمڕانیەکەی داهات لە رووی ئابووری و سیاسیەوە گەیشتە لوتکەیەکی نوێ و تمووحی بڵاوە پێکردنی نفوزیشی لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیدا کرد. بەڵام لە ئێستادا تورکیا رووبەڕووی چەندین بەربەست و کێشەی ناوەکی بووەتەوە کە رەنگیان لە سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکەش داوەتەوە. بۆیە دوور نیە کە لە ئایندەدا کاریگەرێتی تورکیا لەسەر نیزامی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سنووردار ببێ ئەگەرچی ئەو دەوڵەتە خاوەن جیۆپۆلەتیکێکی گرنگە و هەمیشە وەک هێزێکی کاریگەر و بڕیاردەر هەر دەمێنێ.

## سعودیە

سعودیەی عەرەبی و وڵاتانی کەنداو بە حوکمی سامان و شوناسنامەی عەرەبی و رەوتی ئیسلامی سوننیان، توانیان ببنە یاریکەر لە ناوچەکە و کاربکەنە سەر چارەنوسی ململانێکان لە عیراق و سوریا و یەمەن و لیبیا و لوبنان و وڵاتانی کەنداو، وە هەتا ماوەیەکی درێژی دیکەش ئەو توانایەیان هەر دەمێنێ. سعودیە، توانای بەربڵاوکردنی نفوزی عەسکەری و ئەمنی لەسەر خاکدا سنووردارە، بەڵام بە پاڵپشتی کردن و تەمویلی هێزە لۆکالیەکان توانای دەستوەردانی پەیدا کردوە و لە هەمان کاتدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی مەجبوورە پشت بە ئەمەریکا ببەستێ.

## ئاکتەری ژێر دەوڵەتی و نادەوڵەتی Non-state actors

هەر لە ماوەی دوای روخانی سۆڤیەتەوە چەندین یاریکەری ژێردەوڵەتی (Sub-state actors) وەیان هی نادەوڵەتی Non-State actors بوونە هێزی کاریگەر لە گۆڕەپانی ململانێکان. هێزی ژێر دەوڵەتی ئەوانەن کە سیفەتی رەسمی و دەستووریان لە دەوڵەتەکەیان هەیە، وەک هەرێمی کوردستان.

بەڵام هێزی نادەوڵەتی ئەو هێزانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی دامەزراوەی حوکمڕانین و پەیوەندی نێودەوڵەتیان هەیە و کاردەکەنە سەر رەوتی رووداوەکان. ئەوانە بە ژمارە زۆر بوونە لەو ناوچەیە، بە تایبەتی لە عیراق و سوریا و لوبنان و فەلەستین و یەمەن و لیبیا. هەیانە دەمێکە شەرعیەتی کۆمەڵایەتی و سیاسیان پێدراوە و لە سیستەمی حوکمڕانیدا بەشدارن. وەک حیزبوڵڵای لوبنانی یان پێکهاتەکانی حەشدی شەعبی لە عیراق.

هێزی نادەوڵەتی دیکەش هەن کە بەشێکن لە هێزی تیرۆری نێودەوڵەتی. جا هێزی نادەوڵەتی ئەگەر ملکەچی یاسا نەبن، ئەوا هەمیشە مەترسین لەسەر حوکمی شەرعی دەوڵەت و توانای لاوازکردنی دەوڵەت و ئەسیر کردنی پرۆسەی حوکمڕانی وڵاتیان هەیە. ئەوانە هەم دەتوانن وەک پرۆکسی (بە نیابەت) شەڕ بکەن و هەم دەتوانن وەک هێزی سەربەخۆ خاوەن ئەجیندای خۆیان بن و هاوپەیمانێتی ناوەکی و نێودەوڵەتی پەیدا بکەن و ببنە هێزێکی کاریگەر ە گۆڕینی پارسەنگی هێزەکان.

## پارسەنگی نوێ و دەستکاری سنوورەکان

جا ئەو هێزە جیهانی و ئیقلیمی و لۆکاڵیانەی لە گۆڕەپاندان بوونەتە یاریکەر، ئێستا بە رێکەوتنی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی، و بە شەڕوململانێی هەمە لایەنە تێک ئاڵاون و هەمووشیان بەشدار دەبن لە گەیاندنی دۆخی ئێستا بە پارسەنگێکی نوێی سیاسی و عەسکەری و ئابووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە سنوورەکان دەستکاری دەکرێن وەیان سەرجەم میللەتە بچووکەکان دەبنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان. لە راستیدا، تەنیا هەرێمی کوردستانی عیراق کاندیدە بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ببێتە دەوڵەت، وە لەویان بترازێ، پێناچێ هیچ کام نەتەوە و کۆمەڵگای دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جارێ هەتا ماوەیەکی درێژ کاندید بن بۆ دەوڵەتسازی و سنوورەکانیش بۆ خاتری ئەوان دەستکاری بکرێن.

## هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان بووەتە یاریکەرێک لە ناوچەکە، وە بە هۆی لاوازبوونی عیراق و سەرهەڵدانی هێزی تیرۆر، پەیوەندی بەرفراوانی نێودەوڵەتی پتەوتر کردووە. بەڵام هەرێم یاریکەرێکی زۆر گەورە نیە بۆ ئەوەی پارسەنگی هێزەکان وەیان سنوورەکان بگۆڕێ، وە بەدەوڵەتبوون لەسەر پلێتکی زێڕین دانەنراوە و رێگاکەشی بە مافووری ئاوریشم خۆش نەکراوە. پێویستە مەسەلەی بەدەوڵەتبوون لە خواستەوە ببێتە پرۆژە، ببێتە پرۆسە، وە بە پێی نەخشەڕێگایەک لە سەرجەم بەرەکانی لۆبیکردن کاری بۆ بکرێ.

لەو دواییەدا سەربەخۆی کوردستان و ریفەراندۆم بە زەقتر لەجاران باسی دەکرێت، بەڵام تا ئێستا هیچ لایەنێک نەخشەرێگایەکی عەمەلی نەخستووەتە ڕوو بۆ پەیرەوی کردن. بۆیە پێویستە سەرکردەکان لەسەر روانگە و نەخشەڕێگایەک رێک بکەون، بەجۆرێک کە حیسابی وورد بۆ فاکتەرە دەرەکی و ناوەکیەکان بکرێ.

بۆ فاکتەرە دەرەکیەکان پێویستە بە دیراسەت و پلانێکی ووردەوە کار بکرێتە سەر پرۆسەی بڕیاردان لە ولاتانی کاریگەر بۆ ئەوەی پشتگیری بۆ مەسەلەی بە دەوڵەتبوونی کوردستان زامین بکرێ. لە ئەمەریکا پێویستە بە زووترین کات کار بکرێتە سەر داڕێژتنی سیاسەتە دەرەکیەکانی ئیدارەی نوێی ترەمپ کە رەنگە جارێ قالبی یەکجارەکیان نەگرتبێ. هاوکات لە سەرجەم پایتەختەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەورووپا (بە تایبەتی لەندەن و پاریس و بەرلین و بروکسل) و روسیا و وڵاتانی تر دەست بەکاری لۆبی بێوچان بکرێ بۆ ئەوەی بڕیاری سیاسی سەرجەم هێزە جولێنەرەکان بۆ پاڵپشتی دەوڵەتی کوردی زامین بکرێ. لەگەڵ یاریکەرە نادەوڵەتیە شەرعیەکان پەیوەندی بکرێ، ئەوانەی لە وڵاتانی خۆیان کاریگەرن و دەتوانن کار ئاسان بکەن یان قورسیان بکەن. ئەو جۆرە لۆبیکردنە هەمەلایەنە کارێکی ئاسان نیە، بەڵام دەکرێ بڕیاردەرانی هەرێم بە ووردی بڕواننە دینامیکیەتی هێزە جولێنەرەکان و سوود لە جولە و ململانێیەکان وەربگرن.

پێویستە لە بەغدا کار بۆ ئەوە بکرێ کە دیالۆگی بەدەوڵەتبوون لەلایەن سەرکردەکانی پایتەخت و سەرکردەکانی حیزب و لایەنە کاریگەرەکانی شیعە و سوننە و حەشدی شەعبی وەک مەترسی سەیر نەکرێ. بۆ ئەو مەبەستەش، پێویستە تەرکیز بخرێتە سەر تەهران و بە هونەرمەندانە کار بۆ زامین کردنی پشتگیری بڕیاری سیاسی ئەو دەولەتە بکرێ. لۆبیکردن لە ناو سیستەمی ئێران و دڵنیاکردنەوەی ئەو دراسێیە گرنگە بەقەدەر زلهێزی ئەمەریکا گرنگە.

سەبارەت بە پلانی ناوەکیش دەبێ تەرکیز بخرێتە سەر تۆکمە کردنی بنەماکانی سیستەمی حوکمڕانی دروست و سەروەرکردنی یاسا، و لێک نزیک کردنەوەی ئیدارەی زۆنی سەوز و زەرد بۆ سارێژ کردنەوەی سەرجەم برینەکان. ئەوەش بێجگە لە کاراکردنەوەی پەرلەمان و یاسا دەرکردن بۆ ریفەراندۆم و تەرخانکردنی بودجەی هەڵمەتی بەدەوڵەتبوون. خۆ ئەگەر سیستەمی حوکمڕانی هەرێم پتەو بێ ئەوا هەر دەکرێ کورد خۆی دەستپێشخەر بێ و دەرفەتی بەدەوڵەتبوون باشتر برەخسێنێ.

(ئەو وتارە لە هەفتەنامەی رووداو لە ٢٠١٦/١٢/١٩ بڵاو بووەتەوە)